
# خوشکەکەی ڤوزی گوتی




Nina Orange
Wiehan de Jager
Agri Afshin
4
کوردی ckb



بەیانییەکی زوو نەنکی ڤوزی بانگی کرد: “ڤوزی تکایە، وەرە ئەم هێلکەیە بۆ دایک و باوکت بەرە. ئەوان دەیانەوێ کێکێکی گەورە بۆ زەماوەندی خوشکەکەت دروست بکەن.”



ڤوزی کە دەچوو بۆ لای دایك وەبۆکی، لە ڕێگادا دوو کوڕی بینی کە خەریکی میوە لێکردنەوە بوون. یەکێك لە کوڕەکان هێلکەکەی لە ڤوزی فڕاند و بە دارێکی دادا. هێلکەکە شکا.



ڤوزی هواری کرد: “ئەوە چیت کرد؟” ئەو هێلکەیە بۆ کێکێک بوو. ئەو کێکەش بۆ زەهوەندی خوشکم بوو. دەبێ خوشکم چی بڵێ ئەگەر هیچ کێکی زەهوەندی نەبێت؟



کوڕەکان لەوەی کەئازاری ڤوزیان دابوو، پەشیمان بوون. یەکێک لەوان گوتی: “ئێمەناتوانین لە دروستکردنی کێکدا یارمەتیت بدەین، بەڵام ئەم دارە بۆ خوشکەکەت ببە.” ڤوزی درێژەی بە سەفەرەکەی خۆیدا.



له ڕێگادا ئەو چووی بە دوو پیاو کەوت کە خانویەکیان دروست دەکرد.

یەکێکیان پرسی: "ئێمە دەتوانین لەو دارە بەهێزە کەڵك وەرگرین؟"

بەڵام دارەکە بە ڕادەی پێویست بۆ خانو دروست کردن بەهێز نەبوو، بۆیە شکا.



ڤوزی هاواری کرد: "ئەوە تۆ چیت کرد؟ ئەو دارە پەیژەیەك بوو بۆ خوشکم. میوە ڕنەکان ئەو دارەیان بە من دا، چونکە ئەوان هێلکەکانیان شکاند کە بۆ کێك دروست کردن بوو. کێکەکە بۆ زەماوەندی خوشکم بوو. ئێستا نە هێلکە و نە کێك و نە پەیژەکیشم پێیە. دەبێ خوشکم چی بڵێت؟"



کرێکارەکانی خانوبەرەسازی زۆر بە داخەوە بوون کە دارەکانیان شکاند. یەکێکیان گوتی: “ئێمە ناتوانین بۆ کێکەکە هیچ یارمەتیەکت بدەین، بەڵام ها ئەوە هەندێك گیای وشک بۆ خانووی خوشکەکەت بەرە.” دوایە ڤوزی درێژەی بە سەفەرەکەی دا.




لە ڕێگا، ڤوزی جوتیارێك و مانگایەکی بینی. مانگاکە گوتی: "بێرە ئەو گیایە بەتامە، دەتوانم هەندێکی لێ تام بکەم؟" بەڵام تامی گیایەکە زۆر خۆش بوو و مانگاکە هەمووی خوارد!



ڤوزی هاواری کرد: “ئەوە چیت کرد؟ ئەو گیایە دیارییەك بوو بۆ خوشکم. کرێکارەکانی خانوبەرەسازی ئەو گیایەیان بە من دا، چونکە ئەوان دارێکیان لێ شکاندم کە هی مێوەڕنەکان بوو. مێوڕنەکان دارەکەیان بەمن دابوو، چونکە ئەوان هێلکەکەیان شکانبووم کە هی کێکەکەی خوشکم بوو. کێکەکەش بۆ شایی و زەماوەندی خوشکم بوو. ئێستا نە هێلکە، نە کێکێک و نە دیاریەکم پێیە. دەبێ خوشکم چی بڵێت؟”



مانگاکە پەشیمان بۆوە لەوەی کە چڵێس و چاوبرسی بوو. جوتیارەکە ڕەزامەندی نیشان دا کە مانگاکە وەك دیارییەك بۆ خوشکەکەی لەگەڵ ڤوزی بڕوات. و ڤوزی درێژەی بە سەفەرەکەی دا.



بەڵام کە نیوەڕۆ داهات مانگاکە هەڵات و بۆ لای جوتیارەکە گەڕایەوە. ڤوزی لە سەفەرەکەی خۆیدا ڕێگای وون کرد. ئەو زۆر درەنگ بۆ شایی خوشکەکەی گەیشت. میوانەکان خەریکی نان خواردن بوون.



ڤوزی هواری کرد: "دەبێ چی بکەم؟ هنگ هەڵاتوەکە وەک بڕییەک لە جێتی ئەو گیەی بوو کە کرێکرەکنی خنوبەرەسزی پێین دابووم. کرێکرەکنی خنوبەرەسزی گیەکەین دابومێ لەبەرئەوەی ئەو دارمین شکندبوو کە مێوەڕنەکن پێین دابووم. مێوەڕنەکن دارێکین دابوومێ، چونکە ئەوان هێلکەکەین شکندبوو کە بۆ کێکەکە بوو. کێکەکە بۆ زەموەندەکە بوو. ئێست نە هێڵکە، نە کێک و نە بڕیەکیشم پێیە."



خوشکەکەی ڤوزی کەمێك بیری کردەوە و دوای گوتی: “ڤوزی، براکەم، بە ڕاستی من گرینگی بە بیری دەدەم. من هەروەها گرینگی بە کێکیش دەدەم. ئێمە هەمووان پێکەوە لێرە کۆبووینەوە، بۆیە من خۆشحاڵم. ئێستا بڕۆ جلی جوان لەبەر بکە و وەرە با جێژن بگێڕین.!” دوایە ڤوزی ئەو کارەی کرد.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## خوشکەکەی قوزی گوتی

Nina Orange
Wiehan de Jager
Agri Afshin

CC BY